# دەستپێک

کۆمیتەی ڕێکخستنی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، بەخۆشحاڵییەوە، بۆ پێنجەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، بەخێرهاتنتان دەکات. ساتەکانی کۆتایی ئامادەکردنی فێستیڤاڵەکەمان، هاوکات بوو لەگەڵ ساتێکی زۆر سەخت و دژواردا، سەخت و دژوار بۆ هەموو کورد و لە گشت شوێنێکی جیهان، ئەوەش بەهۆی ئەو هەڕەشە سەربازییانەوە کە تورکیا بۆ چوونەناو خاکی باشووری کوردستان (عیراق) دەیکردن. هەروەها هاوکات بوو لەگەڵ ئەو گوشارە زۆرەی بەردەوام لەلایەن دەوڵەتی تورک و گرووپە نەژادپەرستەکانی ئەو وڵاتەوە دەخرێتە سەر کوردەکان و دامودەستگا یاسایی و دیموکراسییەکانیان لە تورکیا. ئەم قەیرانانە جارێکی دیکەیش کورد و پرسی کوردی کردەوە بە پێشەنگی هەواڵەکانی ڕاگەیاندن لە سەرانسەری جیهاندا. لەناو ئەو هەلومەرجانەدا کە کورد هێشتا هەر لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئاشتی و سەقامگیریدایە لەنێو وڵاتی خۆیدا، ئێمە بە پێشکەشکردنی پێنجەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی، هەنگاوی گرنگی خۆمان دەنێین. هەروەکساڵانی پێشوو، فێستیڤاڵی ئەمساڵیشمان کۆمەڵێ بەرنامەی فیلمی هەمەڕەنگتان پێشکەش دەکات، هەر لە فیلمی داستان، بەڵگەنامەیی، وێنەی جووڵاو (ئەنیمەیشین)، فیلمی درێژەوە و تا بە چەندان کورتەفیلم دەگات، ئەمەش نەک هەر بە تەنیا لە کوردستانەوە، بەڵکو لە هەموو جێیەکی دنیاوە. دیارە ئەم ڕووداوە گرنگەش بە گفتوگۆی گەلێ لە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر و ئەکتەرە بەشداربووەکان دەوڵەمەند دەکرێت. هەروەها ئەم فێستیڤاڵە، پێشبڕکێی کورتەفیلم بۆ بە بیرداهێنانەوەی یادی دەرهێنەری گەورەی کورد؛ یەڵماز گۆنەی، ئەنجام دەدا و بەوەش ئێمە هەنگاوێکی تر لە ئامانجی سەرەکیمان نزیک دەکەوینەوە کە یارمەتیدانی گەشەکردنی سینەمای کوردی و ڕێگاخۆشکردنە بۆ دەرکەوتنی بەهرە و توانا نوێیەکان. بانگەوازی ئێمە بۆ ئەم پێشبڕکێیە، بەدەنگەوەهاتنێکی بێوێنەی بە خۆوە بینیوە و زیاتر لە 80 کورتەفیلم بۆ بەشداربوون گەیشتنە دەست کۆمیتەی بەڕێوەبەری فێستیڤاڵەکەمان، هەربۆیە ئێمە سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ بەدەنگەوەهاتنی بەرهەمهێنەرانی ئەو فیلمانە دووبارە دەکەینەوە کە بەو کارەیان ئەو هەستەیان لای ئێمە دروست کردووە کە فێستیڤاڵەکەمان تایبەت و بێهاوتایە لە بوارەکەی خۆیدا. هیوادارین کە پێشبڕکێی کورتەفیلم هەم یارمەتدەر و هەم هاندەر بێت بۆ ئەوەی کەسانی زیاتر دەست بدەنە کامێراکانیان و لە ڕێگای فیلمەوە چیرۆکەکانی خۆیان بە جیهان بگەیەنن.

لە ساڵی پارەوە، فیلمسازانی کورد، لە فێستیڤاڵە جیهانییەکانی فیلمدا، بەردەوام بوون لە بەدەستهێنانی چەندان خەڵاتی بەهادار. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سینەمای کوردی کەوتۆتە سەر ڕەوتی بەردەوامبوون و بەرەوپێشچوونی خۆی. ئێمە ئەمساڵ ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە هەرچەندە کاری فیلمبەرهەمهێنان، دەمێک نییە لە کوردستاندا سەری هەڵداوە، بەڵام سەرباری ئەمەش ئێستا بۆتە چالاکییەکی هونەریی بەرچاو و بەرفراوان لەناو کوردانداو و تا دێت زیاتریش گەشە دەسێنێت. یەکێک لە نیشانە ئاشکراکانی ئەم گەشەسەندنەش ئەوەیە کە ئێمە ئەمساڵ دەتوانین لە هەفتەی فێستیڤاڵەکەماندا زیاتر لە 100 فیلمی هەمەجۆرتان پێشان بدەین. هەڵبەتە، دەبێت ڕۆڵ و کۆمەکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان لە باشووری کوردستان لەبەر چاو بێت، بەتایبەتیش ڕۆڵ و کۆمەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و هەموو دامودەسگاکانی سینەمای هەرێم و کەناڵەکانی سەتەلایت و کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکانی ناوخۆ. هەروەها دەبێت ڕۆڵی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەریش کە پشتگیرییەکی گەورەی بەرهەمهێنانی فیلم بوون و کاریگەرییان لەبەرەوپێشچوونیدا هەبووە لە بیر نەکەین.

ئێمە لە فێستیڤاڵی پاردا شانازیمان بەوەوە کرد کە فیلمی کلاسیکی بێدەنگی ***(زارێ)***مان پێشاندان، کە لە ساڵی 1926دا لە ئەرمینیا بەرهەمهێنرابوو. ئەمساڵیش، دووەم فیلمی بێدەنگ دەربارەی کورد، کە یەکەمین فیلمە لەسەر کوردە ئێزیدییەکان، بەناونیشانی ***"ئێزیدییە کوردەکان"***، پێشان دەدەین. ئێمە جارێکی دیکەش حەز دەکەین سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ مەڵبەندی فیلمی نیشتمانیی ئەرمینیا و فێستیڤاڵی یەریڤانی نێودەوڵەتیی فیلم بنێرین کە بە هەوڵی ئەوان توانیمان ئەم فیلمە لەم فێستیڤاڵەی خۆماندا پێشان بدەین. هەروەها سوپاسی زۆریشمان بۆ "فەلەکناس یوسا" ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپایی کوردە ئێزیدییەکان، کە سەرباری خەریکی و سەرقاڵیی خۆی، ڕازی بوو بەوەی کە ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵەکەماندا پێشکەش بکات. فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، بە وەرگێڕانی ئینگلیزی سەر شاشەی ئەم فیلمە هەڵساوە و جارێکی دیکەش هاوڕێی ئازیزمان تارا جاف کە خۆیشی ئەندامی "کۆمیتەی ڕێکخستنی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن "ـە، بە هارپەکەی، مۆسیقای زیندوو لە کاتی نمایشەکەدا، دەژەنێت. ئێمە نمایشی ئەم فیلمە بە بیرەوەریی ئەو کوردە ئێزیدییانە پێشکەش دەکەین کە لە مانگی هەشتی ئەمساڵدا، لە عیراق، لە پەلامارێکی تێرۆریستیدا کە 500 کوردی ئێزیدی تێدا بوونە قوربانی و و سەدانیش تێیدا بریندار بوون پێشکەش دەکەین و هاوکاتیش ئەوە بە بیردا دەهێنینەوە کە لەو کاتەوە کە شەڕ لە 2003دا دەستی پێکردووە، ئەمە کوشندەترین پەلاماری تێرۆریستی بووە لە دژی هاووڵاتیان. هەروەها ئەم نمایشە پێشکەش دەکەین بە گیانی ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی؛ "هرانت دینک" کە دۆستێکی باشی کورد بوو و لە مانگی یەکی ئەمساڵدا لە تورکیا بە دەستی نەتەوەپەرستەکانی تورک کوژرا. نمایشی ***"ئێزیدییە کوردەکان"*** بە خۆڕایی دەبێت. فێستیڤاڵی ئەمساڵمان کۆمەڵێ فیلمی تریش، سەبارەت بە کوردە ئێزیدییەکان، دەگرێتە خۆ و کوردە ئێزیدییەکان بایەخێکی گرنگیان پێدراوە لە پرۆگرامی ئەمساڵماندا.

نمایشە دیارەکانی تری فێستیڤاڵەکەمان بریتین لە فیلمی ***"پەڕینەوە لە غوبار"***ی شەوکەت ئەمین کورکی، کە چەندین خەڵاتی بردۆتەوە. دوایین فیلمی هونەر سەلیم، ***"دۆڵ"*** و نمایشی فیلمێکی تری کە بۆ یەکەمین جار لە بریتانیا و بە ناوی ***"لە ژێر سەربانەکانی پاریسدا"*** پێشان دەدرێت، هەروەها فیلمی ***"جان"*** ـ لە دەرهێنانی دەرهێنەری کورد (زولی ئالاداگ)ە کە لە ئەڵمانیا دەژی و تا ئێستا شەش جار خەڵاتی بردۆتەوە، هەروەها فیلمێکی نوێی دەرهێنەری لاوی کوردی دانیشتووی نەرویژ، هیشام زەمان، بە ناوی ***"زستانستان"*** و کورتەفیلمی نایابی ***"باوکە"***ش کە تا ئێستا 30 جار خەڵاتی بردۆتەوە. فیلمی ***"بلیتی ئۆتۆمۆبیلێک"***، کە فیلمێکە کاری هاوبەشی ئاکۆ عەزیز میرزا و مەسعود عارفە کە ساڵی پار بە فیلمی گوڵەنێرگز بەشداری فێستیڤاڵەکەمانیان کرد؛ دەرهێنەری لاوی کورد، (سۆران مەردوخی)ش کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران)ە، بە ***"فیلمی منیش ئاوها لە دایک بووم"*** لەگەڵماندا ئامادە دەبێت. هەروەها، فێستیڤاڵەکەمان، کۆمەڵێک کورتەفیلمی تری خەڵاتکراو و کۆمەڵێک فیلمی دۆکیومێنتەری (بەڵگەنامەیی) ***"سندوقەکەی لانزۆ"***ی دەرهێنەری کوردی دانیشووی کەنەدا و، سامی مێرمیری تێدا پێشکەش دەکرێت. هەروەها یەکەم نمایشی جیهانی فیلمی دۆکیومێنتەری سوزان کۆرنالینسلیپر، پێشان دەدرێت کە لەسەر سترانبێژی بەناوبانگی کورد، شڤان پەروەرە، بە ناوی ***"کینە ئەم؟"***. هەروەها دۆکیومینتەری، ئۆرسولا کاسگراندی و بابی بۆزاتۆ، بە ناوی ***"بەرگری"***، دۆکیومینتەرییەکە دەربارەی "کۆما بەرخودان"، کە گرووپێکی مۆسیقای شۆڕشگێڕی کوردییە. هاوکات ئێمە، نمایشی یەکەمی جیهانی فیلمی دۆکیومێنتی لەسەر دوو شاعیری پایەبەرزی کورد؛ فیلمی کاوە ئاکرەیی لەسەر شاعیری مەزنی کورد ***"جگەرخوێن"*** و فیلمی ***"دیوان"***ی سەلام مەجید، لەسەر شاعیری کورد جەمال شارباژێڕی، پێشکەش دەکەین. هەروەها ***"لەبەر ئەوەی ئێمە کوردین"*** پێشکەش دەکەین، کە دۆکیومێنتەرییەکی

هۆشیارکەرەوەیە لەلایەن (نیاز لاجانی)یەوە. دۆکیومێنتەری: *"پێرەوانی مەلیک تاووس"*ی بنەفشە بێریڤان؛ دەرهێنەری لاوی کورد، کە یەکێکە لە فیلمەکان لەسەر ئێزیدییە کوردەکان و لە فێستیڤاڵەکەماندا پیشان دەدرێت و (ژیار گول)یش، دەرهێنەری کوردی دانیشتووی کەنەدا، تیشک دەخاتە سەر ئەو مەسەلانەی کە کۆمەڵگەی کریستیان لە ڕابردوو و ئێستا لە عیراقی نوێدا ڕووبەرووی دەبنەوە بە دۆکیومێنتەرییەک بە ناونیشانی *کریسمس لە عێراق*" و سەرجەم فیلمەکانیش تەرجوومەی ئینگلیزیان هەیە.

ئێمە، جارێکی دیکەش، سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە هاوبەشیان لە فێستیڤاڵەکەماندا کردووە، بەتایبەتیش سوپاسی هەموو ئەندامانی جوری (لیژنەی هەڵسەنگاندن و دادوەری) دەکەین کە ڕازی بوون ئەم ئەرکە قورسە بخەنە ئەستۆی خۆیان، هەروەها سوپاسی هەموو ئەو خۆبەخشانە دەکەین کە قورسایی زۆریان لەسەر شانی ئێمە لابردووە و بە لەخۆبوردووییەکی زۆرەوە گشت ئەرکەکانی سەر شانی خۆیان ئەنجامداوە، پاشانیش سوپاسی نوێنەرەکانمان لە کوردستان و لە هەمووشیان زیاتر سپۆنسەرەکانمان (کۆمەکی دارایی) دەکەین بۆ کۆمەک و پشتگیرییان لە فێستیڤاڵەکەمان، بەتایبەتیش حەز دەکەین سوپاسی کەسایەتییەکانی وەک دۆکتۆر بەرهەم ساڵح (سیاسەتمەداری کورد و جێگری سەرۆکوەزیرانی عیراق)، دوکتۆر سەلاح ئەلشێخلی (باڵوێزی حکوومەتی عیراق لە لەندەن)، کێن لیڤینگستن (مەیەری لەندەن و ئەنجوومەنی لەندەنی گەورە)، خاتوو جێنی هۆڵ و بەڕیزان فاروق مەلا مستەفا، نەوزاد جاف، ئازا دۆغرمەچی و سەعد بەزاز بکەین بۆ ئەو پشتگیرییە گەورەیەی لە فێستیڤاڵەکەمانیان کردووە. دیارە ئەگەر کۆمەکی هاوڕێکانمان، خەرجدابینکەرانمان و سپۆنسەرەکانمان نەبووایە، ڕێکخستنی فێستیڤاڵێکی ئاوها و هێنانی دەنگی هونەرمەندانی کورد و غەیرەکوردیش کە خەمخۆری کوردن بۆ لەندەن، کاری نەکردە دەبوو.

هیواداریین خۆشی لە فێستیڤاڵەکەمان ببینن!

**کۆمیتەی ڕێکخستنی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن**